# حوكمی دابەشكردنی میراتی لەكاتی ژیانی خاوەنماڵدا

[ كردي – كوردی – kurdish ]

## شێخ محمد بن صالح العثیمین

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم توزيع التركة فى حياة المالك

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد بن صالح العثيمين

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی دابەشكردنی میراتی لەكاتی ژیانی خاوەن ماڵدا

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ محمد بن صالح العثیمین كراوە ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت )

**پرسیار :** سوپاس بۆ خوای گەورە من كەسێكی خاوەن خێزانم وماڵ وسەروەت وسامانی خۆمم هەیە، وتەنها كچێكم هەیە، لەگەڵ برایەك و خوشكێكم لەباوكەوە، كچەكەم حاڵ و گوزەرانی باشە، داوای لێكردووم هەرچی ماڵ وسامانم هەیە و ئەوەشی بەشی ئەوە و تایبەتە پێوەی بەناوی مامەكەیەوە كە مەبەستم پێی براكەی خۆمە تۆماری بكەم، هەروەها خوشكەكەشم هەر دەیەوێت هەرچیم هەیە بیكەم بەناوی براكەیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا من ژنێكی ترم هەیە، مەبەستم ئافرەتێكی ترە جگە لەدایكی كچەكەمە، بەڵام هیچ منداڵێكم لێی نەبووە، و ئەوان خۆشیان لێی نایەت، بەڵام من نامەوێت زوڵم وستەمیش لەو ئافرەتە بكەم، ترسی ئەوەشم هەیە ئەگەر ماڵ وخانووەكەم بكەم بەناوی براكەمەوە، خۆم وژنەكەم لە خانووەكە دەربكات، داواكارم لێتان ڕێنومایم بكەن بۆ كارێكی چاك وخێردار ؟

**وەڵام :** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

کاری باش و چاك ئەوەیە با ماڵ وسامانەکەت لەدەستی خۆتدا بمێنێتەوە، چونکە تۆ نازانیت لە ژیانتدا چیت بەسەر دێت، بۆیە ماڵ وسامانەکەت بەناوی کەسەوە مەکە، جا ئەگەر خوای گەورە قەدەری وابوو جەنابت مردیت، ئەوا میراتگرەکانت بەو شێوەیەی کە شەریعەتی ئیسلام دیاری کردووە هەریەکەو بەشی دیاری کراوی خۆی دەبات، ئەمجا تۆ چووزانیت کە ئەوان میراتی لەتۆ دەگرن تا تۆ ماڵ وسامانەکەت تۆمار دەکەیت بەناوی ئەوانەوە، پێدەچێت ئەوان پێش تۆ بمرن و جەنابت میراتی لەوان بگریت، گرنگ ئەوەیە ئیمە ئامۆژگاری تۆ دەکەین کە دەست بگریت بەماڵ وسامانەکەی خۆتەوە و بەهیچ شێوەیەك نەیکەیت بەناوی هیچ کەسێکەوە، وازی لێ بهێنە با بەدەستی خۆتەوە بێت وتەصەڕوفی پێوە بکە لە سنووری شەرعدا - بەو شێوەیەی خوای گەورە پێی ڕازیە - وە کاتێکیش کە خوای گەورە قەدەری کرد هەرکەسێك لە ئێوە مرد ئەوا ئەوی ترتان بەو شێوەیەی کە خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) دیاری کردووە میراتی لەوی دیکەتان دەگرن، خوای گەورەش زاناترە ....

سەرچاوە : فتاوی نور علی الدرب، (ج٢/لاپەڕە ٥٥٩).